وڵاتی نەرویج دەیەوێت کاتژمێرە فەرمیی ڕۆژانەکانی درێژبکاتەوە

ڕۆژنامەی پۆلیتیکۆی ئەمەریکی بڵاویکردەوە، دەسەڵاتدارانی هەرێمی باکووری نەرویج دەیانەوێت ناوچەیەکی کاتی جیاواز دروستبکەن کە ڕۆژێکی 26 کاتژمێر بێت، بەڵام تا ئێستا چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کارەیان دیارینەکردووە.

هەروەها هاتووە، دەسەڵاتدارانی وڵاتی نەرویج بەشێوەیەکی فەرمی داواکارییان پێشکەشی کۆمسیۆنی ئەوروپا کردووە تاوەکو ڕەزامەندییان پێبدات.

دەسەڵاتدارانی نەرویج دەڵێن، هیوادارن ئەو کارەیان هانی خەڵک بدات بۆ ئەوەی ڕوو لەو ناوچەیە بکەن و کاتی خێزانەکان زیادبکات لەپێناو بەرەوپێشبردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان.